

چیرۆک

سواره نەجمەدین

## ئەو کۆڵانەی کە دەرناچێت

# کۆڵانی ٣٦ی گەڕەکی سێگۆشە

کە پیاوانی کۆڵانی (٣٦)ی سێگۆشەی شار تەرمەکەیان هێنایەوە، کەس نەبوو لێیان وەربگرێتەوە، نەیاندەزانی تەسلیم بەکێی بکەن، پیرێژنی خاوەن خانووەکە دەیگوت، من چی لێ بکەم، خۆ بەمن نانێژرێت، دوای ئەوە ناشزانم کەسوکاری کێیە، بۆ دەبێت من ببم بەسەرپەرشتکاری، تا درەنگانی ئێوارە چەلەحانێکە بەردەوام بوو، دوو پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی تاوانیش تا تاریکبوون لە کۆڵانەکەیاندا مانەوە، بەڵام کەس نەبوو، سکاڵای هەبێت، یان کەس نەبوو، لە مردنی ئەو کوڕە بپرسێتەوە و گومانی لە کەسێک هەبێت، دوای بانگی ئێوارە پیاوانی کۆڵان بوون بەخاوەنی تەرمەکە و دوای شۆردنەوەی، لە مزگەوت هێشتیانەوە تاکو بەیانی بینێنە خاک، هەر کە لە ناشتنەکەشی بوونەوە ئیتر کەس پرسەی بۆ دانەنا،

**دوایین یاداشتی پاڵەوان**

راسـتـە من خـەڵکی ئەم شـارە نیـم، بەڵام ئەوە بۆ چوار سـاڵ دەچێت، هاتوومـەتە ئێـرە، لەبەرئەوەی تەنیـام و کەس نییـە ئێواران چاوەڕوانم بکات و بەیانیـان کەس ناڵێت بۆ کوێ دەچیت، زۆربەی کات لە دەرەوە بەسـەردەبەم و زۆر جێگە دەگـەڕێم، چاوم بەزۆر کوچەی ئەم شارە کەوتووە، لە یەکەم رۆژی هاتنیشمەوە، کرێچی ئەم پیرێژنەم، ئەو بەس خۆی ماوەتەوە و لە تەنیـایی منیش مـەپرسن، ئەوە چیرۆکێکی دیکەیە، چیرۆکنووس دەتوانێ بیگێڕێتـەوە، خانووەکـەمان خـراپ نییـە، کەوتووەتە کۆڵانی (٦)ی گەڕەکی بازنەی شـارەوە، پیرێژنەکە لە نهۆمـی خـوارەوەیە و منیش لە سـەرەوە، ئەو جـار جـار کـچـەزا و کوڕەزاکـانی دێن بۆ لای، بەڵام کەس تاکو ئێسـتا لە دەرگەی منـی نەپرسیـوە، تاکو سـەر لە بەیانی (٢١)ی ئایار لەو باوەڕەدا نەبووم، جـێگەیەک هـەبێت، لەم شـارەدا بـۆی نەچووبێـتم، کـە ناونیـشـانـی مـاڵی قـاوەگرەوەکـەیان دامـێ، هەمـوو چواردەورەکـەیم دەزانی، بەڵام ئەو مـاڵەم نـەدەهاتە بەرچاو، گەڕەکی لاکێشەی کەناری شارم دیبوو، بەڵام دوایین خانووم نەدەهاتە بەرچاو.

**قاوەگرەکە لە زمانی چیرۆکنووسەوە**

من هـەرگـیـز بـاوەڕم بەخـوێندنەوەی ئایندە نەبووە، تـاکـو ئێـسـتـا کـەس دەسـتـی بۆ نەگرتوومـەتەوە، لەو باوەڕەشـدام ئایندە تاکـو خـۆی نەیات، کـەس هیـچـی دەربارە نازانێت، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم پاڵەوانەم پەنا بـۆ ژنێکی نەخـوێندەوار دەبات، تاکو داهاتووی پیـشـان بدات، خوێندنەوەی ئایندە هەروا ئاسان نییـە، بەهەمـوو کەس بکرێت، هەمـوومان بەڕابردوو دەوێرین، بەڵام تەنیا ئەوانەمان پەنا بۆ ئاشکراکردنی داهاتوو دەبەن، کە یان خۆیان گێل و کـاڵفـامن یان دەزانن بەشـی ئەوە گـێل هەیە، کـە ئەوان سـوودی خـۆیانی لێ وەرگـرن، ئەو ژنەی پاڵەوانەکەی ئێمـە ڕێی کەوتووەتە ماڵەکەی، وا دەزانم لەو جۆرەیە کە دڵنیـایە گێلەکان رووی تێ دەکـەن، ژنێکی کـامـڵی کـەمـێک قـەڵەوە، لەفـزێکی شـیـرین و کـەلامـێکی سـەرنجڕاکێشی هەیە، لەوانەیە کە مرۆڤ دەیانبینێت، باوەڕ بەهەمـوو شـتێکیـان دەکـات، پاڵەوانەکەی ئێمەش وەکو هەر گەنجێکی دیکە خـەیاڵی زوو تەسلیمی بەرامبەر دەبوو، کە قـاوەکەی خـواردەوە، ژنەکە فنجـانەکەی بەرز کردەوە و کەمێک راماو شـێوەی رووخسـاری ترسی خستە دڵی کوڕە گەنجەکەوە، بەڵام هیچ لە قسەکانی تێ نەدەگەیشت.

### پیرێژنی خاوەن خانووەکە

دوو ڕۆژ دوای گەڕاندنەوەی تەرمەکەی، هەمان دوو پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوان هاتنەوە بۆ کۆڵانەکەیان، کەشفی تەواوی خانووەکەیان کرد، هەموو ماڵەکەیان پشکنی، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت، تەنانەت پێناسی کەسێتێکەشیان نەدۆزییەوە، خاوەن خانووەکە گوتی "چوار ساڵە لەم خانووەی مندا دەژی، کەسم نەدیوە بێت بۆ لای، تەنانەت نازانم باوک و دایکیشی هەیە یان نا، بەڵام وابزانم، لە دائیرە و شتی وابووە، یەک دوو جار بەدزییەوە ناو ماڵەکەی دەگەڕام، هەر وەرەقە و شتم دەبینی"، خەڵکی کۆڵانەکەیان دەیان گوت، کە هەمیشە وەرەقە و فایل بەبن دەستیەوە بووە، بەوە ئەچوو سەروکاری لەگەڵ ڕۆژنامە یان چاپخانەیەکدا هەبێت، پۆلیسەکە سەری سڕمابوو، لەوەی کە هیچ پێناسەیەکی دەست نەکەوت، لەگەڵ پیرێژنەکەدا چوونە ڕەگەزنامەش، بەڵام ئەمیان تێیدا نەبوو، ژنەکە گوتی، ڕەنگە پێناسی لەو شارە بێت، کە لێوەی هاتووە، بەڵام کەس نەیدەزانی لە چی شارێکەوە هاتووە، بەرلەوەی پۆلیسەکان بڕۆن، پیرێژنەکە گوتی کە ئاخر جار قسەی لەگەڵدا کردووە، ڕۆژێک بەر لە مردنەکەی بووە، ناونیشانی قاوەگرەوەیەکی داوەتێ لە گەڕەکی لاکێشەی کەناری شار، بەڵام دوو پۆلیسەکە لەبەرئەوەی نە سەریان لە قەزییەکە دەردەچوو و نە کەسیش سکاڵای هەبوو، لەوێدا دەستیان لی هەڵگرتوو و فایلەکەیان ون کرد.

### خوێندنەوەی فنجانەکە لە زاری قاوەگرەکەوە

فنجانێکی سەیرە، تاکو ئێستا فنجانی وەهام نەدیوە، دڵنیام تامی قاوەکەشی نازانی چۆن بووە، کوڕەکەم نازانم چیت پێ بڵێم، بەژیانم فنجانی وام نەهاتووەتە بەردەست، هەر بەفنجانەکەی "نەزار قەبانی" دەچێت، کە "عەبدولحەلیم حافز" دەیخوێنێتەوە، هەست دەکەم خوێندنەوەکەی بەرەو پێچاوپێچێکی زۆرم دەبات، دەمباتە ناو تاریکییەکەوە، کە نازانم کۆتاییەکەی کوێیە، براکەم ئەمە فنجانی کەسێکی ئاسایی نییە، وا هەست دەکەم داهاتووت نەیەوێت بەئاسانی تەسلیم بێت، ئەوەی پێم دەڵێت تەنیا چەند کاتێکی دیکەیە، تەنیا چەند هەزار مەترێک دوای ئێستایە، دەڵێت کە لێرە دەچیتە دەرەوە، سنووری ئەم گەڕەکە دەبریت، تەنانەت ژمارەیەک کۆڵانی زۆریش، کە لە (٣٠) پتر دەبن، لە گەڕەکێکی شێوە سێگۆشەی پەنا ئەم گەڕەکە تێ دەپەڕێت، بەڵام لەوە دوا تاریک دایەت، نازانم بۆ ناتوانێت مەودای زیاتر ببڕێت، کوڕەکەم سەیرکە، سەیری ناو فنجانەکە بکە، ئەو ڕێگەیە لە

سەری ئەو کۆڵانە کۆتای پێ دێت، تاکو ئێستا سێ هەزار و نۆ سەد و حەوت فنجانم خوێندووەتەوە، هیچیان وا ئاڵۆز نەبوون، ڕێگەی ناو فنجانەکە لەوێدا کۆتایی پێ دێت، هیچ فنجانێک نەیتوانیوە وەها شکستم پێ بهێنێت، بەڵام ناهێڵم وەها بڕوات، کوڕەکەم ئەمڕۆ بڕۆ، ئەگەر سنووری دوو گەڕەک ئەولای ماڵەکەمت بڕی ڕۆژێکی دیکە وەرەوە، فنجانێکی دیکەت بۆ دەگرمەوە، کە شتەکانمان بەڕوونتر پێ بڵێت.

**دکتۆری لێکۆڵینەوەی جەنازە**

ئەو شەوە بەرلەوەی تەرمی پاڵەوانەکە بشۆرنەوە، بردیان بۆ بەشی جەنازەی نەخۆشخانەی گشتی، بۆ ئەوەی لە مردنەکەی بکۆڵرێتەوە، بەڵام پزیشکەکانیش بێهودە بوون، لە دۆزینەوەی هۆکارێک بۆ مردنەکەی، هیچ ئاسەوارێک بەسەر لاشەکەوە نەبوو، تاکو شتێکیان پێ بڵێت، بێدەنگییان لێ کرد و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ مزگەوتەکە.

**کۆڵانی (٣٦)ی گەڕەکی سێگۆشە لە دوای نیوەڕۆی (٢١)ی ئایاردا**

خەڵکی ئەو گەڕەکەی پاڵەوانەکەی تێدا مرد، وەها بەسەرهاتەکەیان دەگێڕایەوە، کە ئاگایان لە مردنەکە نەبووە، چەند منداڵێک کە بەو نیوەڕۆیە لە کۆڵان یارییان کردووە، ئەو دوای گەڕەکیان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام ئەوانیش هیچیان بۆ نەکراوە تا گەیاندوویانەتە، لای سستەرەکەی کۆڵانی (٢٩)ی سێگۆشە، ئەویش پێیان دەڵێت "تەرمەکەتان بەرنەوە"، پیرەمێردێکی ئەو کۆڵانە بەپۆلیسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانی گوت، کە ئەوان زانیویانە مردووە، وەرەقە و شتەکانیان پشکنیوە و لەو وەرەقانەی بەدەستیەوە بووە، یەک دوو چیرۆکی تێدا بووە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە، ناونیشانی ماڵەکەیانی دۆزیوەتەوە، ئەوەشی گوت، کە زۆر شتی دیکە لە چیرۆکەکانیدا هەیە، ئەگەر بتانەوێ هەموو شتێکی دەربارە دەزانن، بەڵام پۆلیسەکان ئەو نیو فەردە وەرەقەیەی لە ناو خانووەکەی دەریان کرد، بردیان و فڕێیان دایە کۆگای پۆلیسخانەکەوە.